## بۆ / سه‌رۆکایه‌تی ئه نجومه‌نی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق

## ب / راپۆرتی لیژنه‌ی هاوبه‌ش

به‌پێی حوکمی مادده‌ی ٦/٣٩ له په‌یڕه‌وی ناوخۆ، لیژنه‌ی یاسا و لیژنه‌ی کشتوکاڵ و ئاودێری، له ئێواره‌ی رۆژی سێ شه‌ممه ١٣ی سه‌رماوه‌زی ٢٧٠٧ی کوردی رێکه‌وتی ٢٠٠٧/١٢/٤ به‌هاوبه‌شی کۆبوونه‌وه بۆ لێکۆڵینه‌وه‌ی پرۆژه یاسای پاراستن و په‌ره‌پێدانی به‌روبوومی کشتوکاڵی هه‌رێمی کوردستان که له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێمه‌وه پێشکه‌ش کراوه و، دوای خوێندنه‌وه‌ی یه‌که‌می له په‌رله‌مان له دانیشتنی ئاسایی ژماره (٢٥)ی رۆژی (٢٠٠٧/١/٧) هه‌واڵه‌ی لیژنه‌کان کراوه. دوای راگۆڕینه‌وه‌و گفتوگۆ لیژنه هاوبه‌شه‌که‌مان هاته سه‌ر ئه‌م خاڵانه‌ی خواره‌وه:

١ـ سه‌ره‌تا ته‌ئییدی پرۆژه‌که ده‌که‌ین ، چونکه به ئامانجی پاراستن و په‌ره‌پێدانی به‌روبوومی کشتوکاڵه‌وه ئاماده‌کراوه.

٢ـ دیباجه‌یه‌کی بۆ دابڕێژرێت و، زنجیره‌ی ره‌قه‌مه‌کان به نووسین بنووسرێن و، راستکردنه‌وه‌ی زمانه‌وانی و رێزمانی له‌هه‌ندێ بڕگه‌یدا ئه‌نجامبدرێت و، هه‌مان شێوازی ئه‌و یاساو بڕیارانه‌ی تێدا پێڕه‌وبکرێت که ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی ته‌شریعی کردوون.

٣ـ مادده‌ی (١٢,١١,١٠,٩,٨) له‌پرۆژه‌که ئیلغابکرێن و، دۆزی رێکخستنی لێپێچینه‌وه‌ی زێده‌ڕۆیی و جه‌ریمه و سه‌رپێچی ، به‌پێی حوکمه‌کانی ئه‌م یاسایه بدرێت به دادگاکان، چونکه ویلایه‌تی گشتییان هه‌یه‌و ، لایه‌نی پسپۆریشن له‌یه‌کلاییکردنه‌وه‌ی ململانێ و لێپێچینه‌وه‌ی سه‌رپێچیکاری و سه‌پاندنی یاساکاندا، چاکتر له‌وه‌ی که لایه‌نه ئیدارییه‌کان ده‌یکه‌ن، ئه‌خاسمه ره‌وشی تازه له‌ته‌شریعه نوێیه‌کانی عیراق و کوردستاندا ئه‌وه‌یه‌که هه‌رسێ ده‌سه‌ڵاته‌کان هه‌ریه‌که‌و بۆخۆی سه‌ربه‌خۆبن و ، سه‌یرکردنی کاروباری هاووڵاتیان و، له‌سنووردانی ئازادیه‌کانیان، له‌جیاتی ئه‌وه‌ی بدرێته ده‌زگای ئیداری و ته‌نفیزی ، بدرێته دادگا پێوه‌ندیداره‌کان ، ئه‌خاسمه قه‌زاوه‌ت (القضاء) سه‌ربه‌خۆیه‌و، له‌سوڵتانی یاسا زیاتر سوڵتانی دیکه‌ی له‌سه‌ر نییه. هه‌روه‌ها ، پێشنیازده‌که‌ین مادده‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ زیادبکرێت که وه‌زاره‌تی کشتوکاڵ مافی ئه‌وه‌ی هه‌بێت پێشنیاز بکات ره‌سمی گومرگ بسه‌پێ و دیاربکرێت له‌سه‌ر هاورده‌ی هه‌ندێ به‌روبوومی کشتوکاڵ و ئاژاڵی که له‌ده‌ره‌وه ده‌هێنرێن ، ئه‌مه‌ش بۆ پاراستنی به‌روبوومی مه‌حه‌للی . هه‌روه‌ها پێشنیاز

دەکەین چەند ماددەیەکی پرۆتۆکۆلیش بۆ پرۆژەکە زیادبکرێن و ، دارشتەی یاسایی پرۆژەکە و، هۆکارەکانی دانانی پرۆژەکەش وەك ئەمەی خوارەوە بێت:

## یاسای ژمارە (    )ی ساڵی ٢٠٠٧

## یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم:**

زەوی زاری کشتوکاڵ و رووەك و باخ و لەوەڕگاو سامانی ئاژاڵ و سەرچاوەو بەروبوومی ئاوو ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی سامانی نیشتمانن. پێویستە لەسەر خاوەن و پێوندیدارەکانیشیان بەپێی پلان و بەرنامەی دەسەلاتەکانی هەرێم وەبەریان بهێنن و چاودێرییان بکەن و، پەرەیان پێبدەن ورێگا بەهیچ شتێك نەدەن ببێتە مایەی لەناوچوون و زیانلێدانیان.

**ماددەی دووەم:**

ئەمانەی خوارەوە، لەسەر خاوەن زەوی و زارو فەلاو زەرعەتکارو پێوەندیدارانی کشتوکاڵ پێویستن:-

**یەکەم/** خزمەتکردنی زەوی وزاری کشتوکاڵ و، بۆ مەبەستی کشتوکاڵ نەبێ وەبەرنەهێنرێن و بەبەیاری و بەبێ چاندن بەجێ نەهێڵرێن و ، رێگە نەدرێت بەهیچ شتێك پیی کزبکات یان برشتی کەم بکات.

**دووەم/** پرۆسەکانی کشتکاری ، بەشێوازی زانستیی نوێ و، بەپێی رێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم پیادەبکرێن.

**سێیەم/**بەکارخستنی کەرەستەو ئامرازی کەفائەتبەرز لەبەرهەمهێناندا.

**چوارەم/** خزمەتکردنی مەکینەو ئامێرو ترومپا کشتوکالییەکان و، پاراستنی بیری ئاوو کارێز و کانیاوە سروشتیەکان و ئەدەوات و ئامرازەکانی دیکەی کشتوکاڵ کە زیانیان پێنەگات.

**پێنجەم/** خزمەتکردنی کشتوکاڵەکان، هەر لەکاتی چاندنیانەوە تا دەگەنە وەرزی درەو یان ڕنین، رێگە نەدانیشی بە هەرشتێك ببێتە مایەی لەناوبردن یان زیان پێگەیاندنیان، هەروەها ، پاراستنیان لە نەخۆشی و بەلای کشتوکاڵ و لەئاگرو لەلافاو.

**شەشەم/** پاراستن و خزمەتکردنی سامانی ئاژاڵ و ماسی و پەلەوەر و حەشەراتی سوودبەخش و رێگەگرتن لەهەرشتێك زیانیان پێ بگەیەنێت.

**حەوتەم/** پێڕۆکردنی سیستەمی خولەکانی کشتوکاڵ و، دەستنیشانکردنی ئەندازەی ئەو پانتاییانەی کە لەهەر ناوچەیەکدا پێویستە بە بەروبوومی دیارکراو بچێنرێن . هەروەها دیارکردنی جۆرەکانی تۆو وپەیین و قڕکەری بوونەوەری زیانبەخش و وادەکانی بەکارهێنانیان بەپێی پلان و رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ.

**هەشتەم/** پاراستن و خزمەتکردنی باخەکان و بەرومیوەکانیان تا پێدەگەن و دەبرێنە بازاڕ نابێ پشت گوێ بخرێن.

**نۆیەم/** پاراستنی جەنگەڵ و لەوەڕگای خۆڕسك و دەستکرد.

**دەیەم/** پەرۆکردنی سیستەمی عەمارکردنی دروست وبێ وەی بۆ بەروبوومەکان.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە تایبەتمەندەکان لەهەرێمدا ـ کە :ـ

**یەکەم/** لەدابینکردنی کەرەستەی کە فائەتبەرزی بەرهەمهێناندا بەشداری بکەن و پشتئەستووری بکەن.

**دووەم/** پرۆسەکانی فرۆشتن بە بازارەکانی ناوەوەو دەرەوە ڕێکبخەن بەپێی ئەو پلانە بەرنامەرێژەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیو وەزارەتی داریو ئابووریدا، بۆ ڕێکخستنو بەرزەفتکردنی هاوردنی ئەو بەروبوومانە دایدەنێت کە نموونەیان لە هەرێمدا هەیە.

**سێیەم/** دنەدانی (گالدانی) دامەزارندنی عەمارگەلی ساردکەرو سەهۆڵبەست لە هەرێمدا.

**چوارەم/** بکەونەکار بۆ قەرەبووکردنەوەی خاوەنی کشتوکاڵو خاوەن پرۆژە کشتوکاڵیەکان لەحالەتێکدا کەبەهۆی کارەساتی سروشتی یان بەهۆی هێزێکی لە ئیرادەبەدەر لەناو دەچن یان تووشی زیان دەبن.

**پێنجەم/** لەزیادکردنی زەوییە بەراوەکان (المروبة)و فەراهەمکردنی دەزگای پاشەکەوتکردنی ئاودا بەشداری بکەن.

**شەشەم/** لەرێگەی قەرزو ئاسانکاریی بانکەوە بەشداری لەپێکەوەنانی سەرمایەی پرۆژە کشتوکاڵیەکاندا بکەن بۆ وەبەرهێنەرە نیشتمانیەکان .

**حەوتەم/** پاڵپشتی لە بەروبوومە ستراتیجیەکان بکەن.

**هەشتەم/** فرمانبەرە کشتوکاڵیەکان وەك سەرپەرشت بەسەر پرۆژە کشتوکاڵیەکانەوە دابمەزرێنن لەوانەی کە بڕوانامەی زانستی کشتوکاڵیان بەدەست هێناوە، بەخاوەن بڕوانامەی دواناوەندیی کشتوکاڵییشەوە تا بەرزترین ئاستی زانستی کشتوکاڵ

**ماددەی چوارەم:**

پارێزگا، دوای وەرگرتنی رای بەرێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵ لە پارێزگادا، ئەو لایەن و دایەرانە دەستنیشان دەکات کە بەرپرس دەبن لەپشکنینی کێڵگەو پرۆژە کشتوکاڵیەکان و، لیژنەگەلی تایبەت بە ڕیقابەکردنی بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایەش پێکدەهێنێ بەپێی چەند ڕێنماییەك کە وەزارەتی کشتوکاڵ لەهەرێمدا دەریدەکات.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر کارگەو سەنعەتگاکان ، لەوانەی کە بەروبوومی کشتوکاڵ ،وەك کەرەستەی خاو لەسەنعەتی کشتوکاڵیدا بەکاردەهێنن، کەرەستەی محەللی ـ ئەگەر فەراهەم بێت ـ بەکاربهێنن.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم/** ئەگەر فەلا (الفلاح) یان ئەوکەسەی زەوییە کشتوکاڵیەکەی بەدەستەوەیە ،هەر کارێکی نایاسایی کرد، بەتایبەتیش ئەگەر گرێبەستیی فرۆشتن و بەکرێدانی ، بەنهێنی ، بەزەوییەکەوە کردبێ ئەوا زەویەکەی

بەبێ بەرامبەر لێ دەسەندرێتەوەو ، دامەزراوو چێنراوی سەر زەوییەکەش بەنرخی هەمان ڕۆژی هەڵکێشانەکە قەرەبوو دەکرێتەوە.

**دووەم/** ئەگەر فەلا یان ئەو کەسەی زەویە کشتوکاڵیەکەی یان باخەکەی بەدەستەوەیە ، یان ئەو کەسەی بەرپرسە لەبەڕێوەبردنی ، ملی نەدا (امتنع) - بەبێ پاساوی بەجێ - زەویەکە بکێڵێ و بیچێنێ یان خزمەتی نەکرد، ئەوا پارێزگار بۆی هەیە ، زەویەکە بسپێرێ بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی چۆنی بەچاك دەزانێ ئاوەها کشتوکاڵی لەسەر بکات و، سوود لەبەروبومەو وشکەڵی (احطاب) وەربگرێت، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی مافی داواکردنی کرێی هاوتای هەبێت. بەڵام ئەگەر لەکۆتایی وەرزەکەدا بەڵێن بدات کە بەشێوەیەکی دروست زەویەکەی وەبەردێنێ و خزمەتی دەکات، ئەوا زەویەکەی دەدرێتەوە. خۆئەگەر ، بۆ وەرزی پاشتریش هەر گوێی پێ نەداو ملی نەدا، ئەوا زەویەکەی لیێ دەسەندرێتەوە بەبێ بەرامبەر.

**سێیەم/** ئەوانەی کە بەپێی یاسا موکەللەفن ، ئەگەر پاڵیان لێ دایەوەو (تقاعس) ، هیچ ئیلتیزامێکی خۆیان لەخزمەتکردنی زەویەکە یان باخەکە بەجێ نەهێنا، ئەوا دایەرە کشتوکاڵییە پێوەندیدارەکان لەپارێزگاکەدا ، ئەو کارە دەگرنە ئەستۆی خۆیان و ئەرکو مەسرەفەکەش لەموکەللەفەکە دەسەندرێت و، ڕێژەی (٤٠٪) یشی سەرباری ئیدارەی دەخرێتە سەر.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم/** ئەو بڕیارانەی بەپێی ئەم یاسایە ، لەسەر پێوەندیدارەکان دەبێتە ماڵ (المترتبة)، بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکان کە ئێستا لە هەرێمدا کاری پێ دەکرێت ، دەسەندرێتەوە.

**دووەم/** بەپێی ئەم یاسایە، وەزارەتی کشتوکاڵ بۆی هەیە، کرێی خزمەت و کرێی ئەو ئیشانەی کە دایەرە تایبەتمەندەکان ئەنجامی دەدەن - لەجیاتی پێوەندیدارەکان - دیاربکات.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم/** سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی هەیە داوا لەدادگای پێوەندیداربکات ، لەو جەریمانە بپێچێتەوە کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون.

**دووەم/** ئەو بڕیارانەی بەپێی بڕگەی ( یەکەم )ی سەرەوە دەرچوێندراون، لە بەردەمی دادگای جینایاتی ناوچەکەدا دەکەونە بەرتانەو، بڕیاری دادگاکەش لەم ڕووەوە بنبڕە.

**ماددەی نۆیەم:**

دادگای سەرەتایی ناوچەکە، تایبەتە بەسەیرکردنی دەعواکانی زێدەڕۆیی لەسەر زەوییە کشتوکاڵیەکان و باخەکان و دەعواکانی نیزاعی سنووەکانیان و ئەو مافانەش کە تێیان دەکەوێت. پێوەندیدارەکانیش بۆیان هەیە لەماوەی پازدە ڕۆژدا، لەڕۆژی تەبلیغەوە، لەبەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکەدا بڕیاری دادگا سەرەتاییەکە ڕەدبکەنەوە . لەم ڕووەوە، بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەکە بنبڕە.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم/** هەرکەسێ لەحوکمەکانی ئەم یاسایەو ئەو بەیانانە لابدات کە بەپێی ئەم یاسایە دەرهاتوون ، سزا دەدرێت بەحەپس بۆماوەیەك لەیەك ساڵ زیاترنەبێت یان بەغەرامەیەك لەحەوت سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت یان بەهەردوو سزاکە ـ بەبێ ئەوەی کار لەرێکارەکانی ماددەی (شەشەم)ی ئەم یاسایە بکات.

**دووەم/** فرمانبەری کشتوکاڵی کەسەرپەرشتە بەسەر پرۆژە کشتوکاڵیەکانەوە ئەو سزایەی بەسەردا دەدرێت کە لەبڕگە (یەکەم)ی سەرەوەدا هاتووە، لەحاڵەتێکدا ئەگەر بووبێتە هۆی سەرنەگرتنی پرۆژەکە یان زەرەرێکی گەورە لەپرۆژەکە، بە هاوکاری لەگەڵ خاوەن پرۆژەکە دا ، ئەگەر پێشتر دایەرەکەی ئاگادارنەکردبێتەوەو ئینزاری بەخاوەن پرۆژەکە نەدابێت.

**سێیەم/** هەر فرمانبەرێك یان کرێکارێك ، بەکەمتەرخەمی یان بەئەنقەست ، لە ئەدای ئیشەکەیدا، بووبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەروبوومی کشتوکاڵ سزای حەپسی دەدرێت بۆماوەیەك لەشەش مانگ زیاتر نەبێت یان بەغەرامەیەك لەچوار سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت بەبێ بژاردنی زیانەکەشەوە.

**چوارەم/** ئەگەر رەفتارێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ماددەیەدا نەگونجاو، جەریمەیەکی لێکەوتەوە سزاکەی بەپێی یاسایەکی دیکەی کارپێکراو لە هەرێمدا، گرانتربێت، ئەوا کام دەقیان سزاکەی گرانتربێت، ئەوەی بەسەردا دەسەپێت.

**پێنجەم/** دوای وەرگرتنی رەزامەندیی وەزیری کشتوکاڵ ، ئینجا، دەعوا لەسەر فرمانبەری سەرپێچکار بەپێی بڕگەی ( دووەم و سێیەم) دەکرێتەوە.

**ماددەی یازدە:**

وەزارەتی کشتوکاڵ بۆی هەیە پێشنیازبکات رەسمی گومرگ دابنرێت ودیاربکرێت لەسەر هاوەردەی هەندێ بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی کە لەدەرەوە دەهێنرێن بۆئەوەی لەهەرکاتێکدا بەپێویستی بزانێ، بەبەروبوومی محللی بپارێزێت.

**ماددەی دوازدە:**

وەزیری کشتوکاڵ بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی سیازدە:**

هەر دەقێکی یاسایی یان هەربڕیارێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ناخرێتەکار.

**ماددەی چواردە:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پازدە:**

ئەم یاسایە دوای نەوەد رۆژ ، لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیی ( وەقائعی کوردستانەوە)، دەخرێتەکار.

## هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی کە زەوی وزاری کشتوکاڵ و باخ و جەنگەڵ و لەوەڕگای خۆڕسك و سامانی ئاژاڵ هەروەها ئامرازو ئەدەواتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییش ، لە مەکینەو ئامێرو ترومپای ئاوو بیرو کارێزو کانیاوی سروشتی کەپێوەندیی بەو سامانەوە هەیە، بەبەشێك لەسامانی نەتەوەیی کوردستان لەقەڵەم دەدرێن. جا بەهۆی خراپ بەرهەمهێنانی زەوی و زاری کشتوکاڵ و دواکەوتنی هەردوو کوچکەی بەرهەمهێنانە کشتوکاڵیەکە لەئەنجامی بەسەرهاتی هەلومەرجی ناهەموار کەبەسەر کوردستاندا هات و گوندەکان وێران کران و، لەو ساڵانەی پێشتردا گەمارۆی دوولایەنە بەسەر ناوچەکەدا دراو، لەبەر زەروورەتی بەرژەوەندی گشتی و، لەپێناوی گاڵدانی بەرهەمهێنانی زەوی و زاری کشتوکاڵ بەشێوازێکی زانستانە و دروست و،بۆ زۆرترکردن و چاکترکردنی بەروبوومی کشتوکاڵ و، پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی مەحەللی و، بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی زانستانەی ئەو سامانانە بەپێی ئامانجەکانی پلانی پەرەپێدانی نەتەوەیی کوردستان و، بۆ ئەوەش کە خاوەنی ئەو سامانانەو ئەوانەش کە ئەو سامانانەیان بەدەستەوەیە و، ئەوانەش کە بەرپرسن لەئیدارەو بەڕێوەبردنیان تەکلیف بکرێن کە خزمەتیان بکەن و پەرەیان پێ بدەن و پشت گوێیان نەخەن و خەساریان نەکەن، لەبەر ئەوانە ئەم یاسایە تەشریع کرا.

**- تکایە فەرموون سەیری بکەن و، پرۆژەکە و رای لیژنە هاوبەشەکەش بخەنە پێش چاوی ئەنجومەن، تا، گفتوگۆی لەسەر بکات و رای لەباری خۆی لەسەر دەرببڕێت....**

## لەگەڵ ڕێزدا

حاکم/ عبد الكريم هموند
بڕیاردەر

حاکم/ عونی بەزاز
جێگری سەرۆکی لیژنە

شیروان حەیدەری
سەرۆکی لیژنەی یاسایی

د. نوري طالباني
ئەندام

طارق جامباز
ئەندام

كريم بحرى
ئەندام

خليل ابراهيم
ئەندام

محمد صالح اسماعيل
ئەندام

دلێر محمد شريف
ئەندام

قادر سعيد خضر( زانا )
ئەندام

..........................................................................................

جميل محمد عثمان گەردی
بڕیاردەر

طلعت خضر سيف الدين
جێگری سەرۆکی لیژنە

عبدالرحمن أحمد رضا
سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری

شێخ الله ابراهيم
ئەندام

أخر شێخ جمال
ئەندام

حمدعبدالله ( بەلێن )
ئەندام

جووتيار مجيد
ئەندام

شکری نێرویی
ئەندام